# ئەوانەی لە مەرگ گەڕانەوە



لە زنجیرە هێرشێکی یەک لە دوایەکدا لە زۆرێک لەم خاکەی نیشتمان هۆردوی ئەنفال بە هەناسە گەرمەکانییەوە، بە ڕەنگی لم ئاسایەوە هات و ماڵ بەماڵ دێ بەدێ هەرچی خەونی زارۆکان و خۆزگەی کچە جەحێڵان و تەسبیحی پیاوە نورانیەکانە پێچایەوە و بردی.

ئەنفال هات و کانی ئاواییەکانی کوێر کردەوە، ئەنفال بە سەر نوکی شمشێر و بە لولەی تانکەکانەوە هات و گوتی ئێوە گەورەترین دەسکەوت و غەنیمەن و گەرەکە وەل خۆم بتانبەمەوە بۆ ئەوێ، ئەوێیەک خاڵییە لە جوانی، خاڵییە لە ماڵە باجێنەی منداڵان، لە وێ بیابان دڵی گەورەیە و لە هەناو یا جێگاتان دەکەمە وە ئەنفال روخسەتی لە ڕیشی چەرمووی پیاوێکی نورانی نەخواست ، چاوەڕێی نەکرد تا مناڵێک گەمەکانی تەواو بکات، دەرفەتی نەدایە پیرەژنێک تا پریاسکەیەک بپێچیتەوە لێرەوە کە ڕۆیشتن فریا نەکەوتین ئاوتان بە دوادا بڕژێنین کە ڕۆشتن خەرمانێک بوون لە خۆزگە و لە تەڕی و لە میهرەبانی، ئەمێستاکەش پڕ پڕن لە هیچ و وشک وشکن بە سیمای بیابان و جەستەیەکن لە پەیکەرێک ئێسکی لێک هەڵوەشاو..

ئێوە ئەو تۆوە بێبەرەکەتە بوون لە دڵی بیاباندا شین نەبوون، ئێمەش ئەو جوتیارە رەنج بە خەسارە بووین پڕبەپڕی بیابانێکی وشکەڵاتوو شەتڵی مرۆڤمان چاند و هیچ شین نەبوو، لە مانای ئەو بوکە شوشە و مەمەی منداڵان و پێڵاوە جێماوانە نەگەشتین..

ئەنفال لەسەبای ساڵحاندا هاواری کرد.. ئێمە وەک چۆن ئێمە ژیانمان پێبەخشین ئەوهاش دەبێت ئێمە بتانکوژین.

بیابان دڵی گەورە نییە.. بیابان مروەت ئاوەزی نییە دەنا چۆن خۆزگەیەک لە وێرا شین نەبوو؟

ئێمە ئەنفالمان دی.. مەرگی ئازیزانمان دی.. عەجاج و سەگە رەشەکانی نوگرە سەلمانمان دی و ژیان ئێمەی نەبینی.. میهرەبانی ئێمەی نەبینی.. ئێمە لە تونێلەکانی مەرگ و لە هەناوی عەرعەرەوە هاتینەوە ئێستا ئاواییەکەمان نازانێ ئێمە کێین.. هەنوکەکانییە کوێر کراوەکەی دێ نیگایەکمان تێنابرێت، دەم نانێتە دەممانەوە..

ئێمە دۆزەخمان دی.. لە دۆزەخ گەڕانەوە کەچی هێشتا هەر دەسوتێین.

ئەمە سەرەتای ڕێپۆرتاژێکی پڕ لە تراژیدیای ئەو مرۆڤانەیە کە لە مەرگ گەڕانەوە.

ڕاپۆرت/ نامق هەورامی
namqharame@yahoo.com



**سەرەتا بەڕێز نوری ساڵح سەعید لەبارەی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالەوە گوتی:** ئێمە لە گوندی (قەیچە) لەناوچەی (زەنگەنە) بووین کاتێک ئەنفالەکان لەبەری قادر کەرەمەوە دەستی پێکرد، سەرەتا جەیش و کۆپتەر هاتە بان شاخەکان و ناوچەکە تەوق کرا، ئیتر هەموومانیانی برد، سەروەت و ماڵمان هەمووی رۆیی. لەو پرۆسەیەدا من دوو کوڕم بەناوەکانی (حەسەن و کامیل) لە قادر کەرەم ئەنفال کران و دواتر بردنیانە لەیلان و لەوێوە بۆ تۆپزاوە و ئیتر نەمزانی چیان بەسەرهات، لەوێ گەنجەکانیان جیا دەکرد و بردنیان رەمیان کردن و ژن و پیروپەککەوتەکانیان بردن بۆ نوگرە سەلمان. (واحید حەمە سەعید) قەومێکی ئێمەیە لە کاتی رەمی کردنەکەدا رایکردبوو ئێستا لە ئەمەریکایە ئەو ئاگای لەو کوشتنە بوو. رایکردبووە ماڵە عەرەبێک و دواتر هاتەوە کوردستان و لەم ساڵانەی دواییدا ئەمەریکییەکان بردیان بۆ ئەمەریکا.

**میمکە ئیساف یەکێکە لەو پیرە ژنانەی لە دواساتەکانی تەمەنیدایە و مەرگەساتەکانی نێو قەڵا شومەکەی (نوگرە سەلمان) دیوە و بەم جۆرە رووداوەکانی گێڕایەوە:**



کە ئەنفال کریا لە دێی (هەرێنە) بووین، جەیش هات خانووەکانمانی رماند و خۆمانی کردە ناو زیلی عەسکەرییەوە و هاوردینیان بۆ چەمچەماڵ و لەوێوە بردینیانە سلێمانی و پێنج شەش رۆژ لەوێ بووین و لەوێشەوە ناردینیان بۆ نوگرە سەلمان سێ مانگ و دە رۆژ ماینەوە، ئەم نیوەڕۆ بۆ ئەو نیوەڕۆ سەمونێکی رەقیان دەدا پێمان، خواردن نەو و ، ئاوێکی گەرم و شۆریان بۆ ئەهاوردین لە بەرمیلی ژەنگاویدا، نە ژێرەخەرو نە بانمان هەبوو.

ئێمە لە قاعەیەکدا بیمان نزیکەی سێ هەزار نەفەری تێدا بوو، خەڵکەکە هی ناوچەکانی (زەنگەنە و داوێی و گەرمیان بوون).

رۆژانە زیاتر لە سێ نەفەرمان لێدەمرد و مردووەکانیان دەکرد بە ژێر قومەوە و دواتر سەگ دەری دەکرد و دەیخوارد و لاشەی مردوەکانمان بەدەم سەگەوە دەبینی لەماوەی ئەو سێ مانگ و دە رۆژدا زیاتر لە ١٠٠٠ نەفەر مردن و لە خێزانی خۆماندا لە کوڕ و کچ و کوڕەزا و کچەزاکانماندا ١٤ کەسیان مردن.

**(فەهاو حەسەن محەمەد) یەکێکی تر لەو ژنانەیە کە لە توونی مەرگی ئەنفالدا گەڕاوەتەوە و لە یادەوەری خۆیدا ئەم شتانەی تۆمار کردووە:**



ئێمە لە گوندی (هەرینە) بیمان، حکوومەت سەرلەبەیانی هات و هەمووومانی لە زیلی عەسکەری بارکرد بۆ (ئیمام شاسوار) چوار رۆژ لەوێ ماینەوە، لەپاش چوار رۆژەکە بارمانیان کرد بۆ سەنگاو دواتر چەمچەماڵ و پێنج رۆژ لە سلێمانی بومان و لەوێوە بۆ نوگرە سەلمان.

لە نوگرە سەلمان لەبان چەمەنتۆ دەژیاین، سپێ رێیدەکرد لە ماوەی شەورۆژێکدا سەمونێکیان دەداینێ و هەنێ ئاوی شۆر.

حاڵێکمان هەبوو یاخوا کافریش حاڵی وای نەبێت رۆژانە خەڵکمان لێدەمرد و بەدیار چاوی خۆمانەوە سەگەرەش ئەیخواردن.

**بەهیە حەمە گوڵە لە لۆچەکان نێوچەوانیدا چەندین چیرۆکی تراژیدی دەخوێندرانەوە، بەهیە بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە گوتی:**



من خەڵک (مەملەحە)م، لە ئەنفالەکەدا لە چەمی (قەڵایان) خۆمان شاردبۆیەوە، نەمانزانی ئەنفال دەکرێین، بە سواری تراکتۆری خۆمان هاتینە (قەرەتامۆر) لەوێ گیراین. چوار رۆژ لە قەرەتامۆر ماینەوە، حکوومەت داوای کرد خەڵک بێت بەدەم کەسوکارییەوە هەرچی هات بە هانای خزمەکانیەوە ئەوانیش کە هاتن هەموویان گیران و هێنرانە لیوای چەمچەماڵ لەوێش دووشەو ماینەوە و بردمانیان بۆ تۆپزاوە بەزیل، لەوێش دوو شەو ماینەوە سەعات ١٢ی شەو کەوتنە لێدانی ژن و مناڵی بەر مەمکە، قیژە و فیزاح گەیشتە قاپی خوا، پێیان گوتین ئەمری سەدامە دەبێت کورد عیبادە (ئیبادە) بکەین.

سەعات یەکی نیوەشەو باریان کردین دوای نزیکەی ١٣-١٤ سەعات گەیشتینە نوگرە سەلمان. لە نوگرە سەلمان تا ئەژنۆمان لەناو قومدا بوو، سێ بەرمیلی ژەنگاوی هەبوون ئاوی شۆریان تێدەکردن و ئێمەش بە قوتوی دۆشاوی تەماتە رۆژی قوتویەک ئاومان هەبوو، ئاوەکە پڕ بوو لە کرم و پیسی. خواردنیشمان سەمونێکی رەق بوو، ئاوی شۆرمان پیادەکرد تا دەخوسایەوە بۆنی زۆر پیس بوو. لەو قاعەیەی ئێمەی تێدابووین تابەربووین ٤٥٠ نەفەرمان مردن، مردووەکانیان ئەنایە بان عەرەبانەی دەسییەوە لە دەرەوە ئەیانکرد بە ژێر قومەوە پاش چەند دەقەیەک سەگەرەشەکانی ئەوێ دەریان ئەهاوردنۆ و ئەیانخواردن، ئێستا نە برام هەیە نە ئامۆزام هەیە، نە دایکم هەیە و نە باوک و کەس هاوکاریم ناکات خۆشم نازانم چۆن ئەژیم، تا ئێستا نە زەویم هەیە و نە هیچ لەکاتێکدا ئێمە زەراعەت و حەیوانێکی زۆرمان هەبوو ئێستا چاوم لەدەست خێرخوازانە.

**دواجار (حەمە سەدیق سەعدون) بە سیمای حەسرەتبارییەوە ئەو رۆژانەی دەگێڕایەوە و گوتی:**



ئێمە لە دێی (کەلان) بووین کاتێک هۆردوی ئەنفال هات، من لێل بوکێکم و سێ چوار منالیا ملی رێمان گرت و هاتینە بەری (ئیمام شاسوار) کردینیانە زبلەوە و یەڵلا، بردنیان بۆ چەمچەماڵ و لەوێوە بۆ سلێمانی و لەوێوە هاوردینیانە تۆپزاوە و ٢ شەو لەوێ ماینەوە و هەرچی ئیختیار بوو باریانکرد بۆ نوگرە سەلمان و جوانەکانیشیان جیا کردنەوە و ئەوانیان سەرنگوم کرد و ئێمەش هەرچی رەزالەت هەبوو بینیمان.

لە قاوشێکی چۆڵ و هۆڵا کەوتین بۆ خۆمان بە برسی و بە خوا هەر ئاو نەوو بخوێنەوە. شەو نەو و چل پەنجا کەس نەمرن لە مناڵ و پیروژن و جەنازەکانیان ئەکرد بە ژێر قومەوە سەگەرەش گشتی دەرئەهاورد و ئەیخوارد.

ئێواران لە حەوشەکەدا دەریان ئەکردین ئەوەی نەختێ بکەوتایەتە دواوە تێیان ئەنیشتن وەقەمچی ئەمە تەعزیبە، هەرچی ناخۆشی هەبوو لە دنیادا دیمان جەهەنەممان بە چاوی خۆمان بینی لە دنیای رۆشن ئێستاش کەس لێمان ناپرسێتو، هیچ حەساوێکمان بۆ ناکەن. ■